# بەدەم ڕێوە بە کورتی

گۆشەیەکە لە ڕۆژنامەی ناوەند

عەلی مەحمود محەمەد

## مەهزەلەی  ڕیفراندۆمی کوردی لە نێوان دوو کەمپیندا

ئەلف و بێی ڕیفراندۆم بە مانای گەڕانەوە دێت بۆ دەنگی جەماوەر , یانی بەرپرس و کورسی دارەکانی خودی هەوادارانی پرۆسەی ئەنجام دانی ڕیفراندۆمیش دەبێت هەڵبژێردراوبن لە لایەن ئەو جەماوەرەوەی لە ڕیفراندۆما بەشداری دەکەن , نەك بەرپرسانی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دیاری کرابێتن , دواتر پێویستمان بە ڕیفراندۆمێکی کەش بێت بۆ گۆڕینی سەرانی خودی ڕیفراندۆمەکە , واتە بە کورتی و پوختی دەبێت نوێنەرانی ڕیفراندۆم لە ڕێگەی دەنگدانی جەماوەرەوە دیاری کرابێتن و کەی جەماوەر ئەوانی بە دڵ نەبوو قیت و قۆز لەسەر کورسی نوێنەرایەتی دایانگرێتە خوارەوە و خەڵکانێکی کە بە ویست و ئارەزوی خۆیان بێننە سەرەوە , بە مانایەکی کوردییانە دەبێت ئەو 1700000 کوردەی ئیمزای ڕیفراندۆمییان کردووە ئەوان نوێنەرانی خۆیان دیاریبکەن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕیفراندۆمەکەیان , بەڵام لە کوردستان لەبەر ئەوەی هەموو شت پێچەوانەی ئەسڵە وە بووە بە مۆدێل سەرکردەی دیاریکراوو  تا مردن بێت  ,  ڕیفرادۆمیش بەم مۆدێلە لە دایك بوو , بەرپرسانی لە قەڵەم بە دەستانی هەردوو حیزب دیاریکران نەك نوێنەرانی جەماوەری ئیمزا کردوو , قەیناکا مەمنونیین بەوانەی لەو حیزبیانەن و لە کۆبونەوەکاندا سەپێنران بەسەر ئامادەبووان , کەچی بەوەندەوە نەوەستان  خەڵکانێکیان هێنا دورو نزیك پەیوەندییان بە ڕیفراندۆمەوە نەبووەو ئێستا بونەتە ڕیش سپی و پیاو ماقوڵ و قسەکەری فەرمی ڕیفراندۆم , نازانم ئەمە ڕیفراندۆمە یان ڕیفرانحیزبە  , با لەمەیان  بگەڕێین  , خاڵێکی کە دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم و لەسەری بوەستم ئەوەیە  بڕیارەکانی ڕیفراندۆم دەبێت دەربڕی ویست و داخوازی خاوەند ئیمزاکان بێت , کەچی ڕیفراندۆمەکەی کوردستان کە مۆرکی کوردیانەو کوردستانیانە و کوردکورسیانەی بەخۆوە گرتوە  لە مەکتەبی سەرۆکەکانی قەڵاچۆڵان  و سەری ڕەشەوە خەتی کارکردنییان بۆ دیاری دەکرێت  , خەڵك بڵێن ماست سپییە ئەوان بڕیاری ڕەش بونەکەی مۆرەکەن , هەرچەندە هیچ یەك لەو سەرکردانە  هەڵەم نەکردبێت تا ئەم ساتە وەختەش ئیمزای خۆیان نەخستۆتە سەر کاغەزی فۆرمی ڕیفراندۆم  , واتە ئەمڕۆ خاوەنانی ئەسڵی ڕیفراندۆم لە کوردستان ئەوانەن کە هەر ئیمزایان نەکردووەو کەم و زۆر پەیوەندییان پێوەی نییە .

با ئەوجا بێینە سەر کەمپینەکەی کاك ئاسۆ کەماڵ , ئەم بەڕێزانە وا دەزانن خۆیان داهێنەری ئەم دەستەواژەیەن و چەندین پارچەی کوردستانییان بەم پرۆسەیە ڕزگارکردوە ئەوە لە جیهان گەڕێن  , وا خۆیان بە خاوەنداری دەزانن دەڵێی کاڵای ڕیفراندۆم لە کارخانەی ئەوان دروستە کرێت , جار جارە دوکانی  ڕیفراندۆم دادەخا و جارجارەش گەرمییە کات  , ئەمڕۆ فەرمانی جیابونەوەی کوردستانە دات سبەی دەگات بەو قەناعەتەی جیابونەوە زیانە بە سۆسیالیزم و کێشەی کورد چارەسەر بووە لە عێراق و ڕیفراندۆم پێویستی ڕۆژ نییە, ئەمیش بە قودرەتی قادر دەبێت تا ئەزەل سەرۆکی کەمپینی ڕیفراندۆم بێت لە کوردستان , نازانم کەی ڕازییە بێت بەوەی ڕیفراندۆمێك بۆ کورسیەکەی بکرێت  , ئەوە حکومەتی بە دەستەوە بوایە بە دەیەیەك سەرەك وەزیران بە دیداری ناگەیی بۆ 5 خولەك دانیشتن , جەنابی  کەی عەقڵی بڕی کرد کە کێشەی کورد چارەسەر بووە خەتێك ڕاست و چەپ بەسەر  ڕیفراندۆمدا دێنێت بنەو بارگەی دەپێچێتەوە , کەیش بارەگای سیاسەتی لە بەغدا بازاڕی کەساد بوو دەرگای  ڕیفراندۆم لە کوردستان دەکاتەوەو بانگەوازی جیابونەوەی کوردستان دەدات بە بێ کەرکوك  , ئیتر نازانم کە جیابوینەوە بە تۆڵەگەی کەلار دەژێین یان کنگری شارەزور یاخود ڕێوازی حاجی ئۆمەران  ؟؟؟؟؟ , نەوتەکەی کەرکوك بۆ کێ بە میرات دەمێنێتەوە ؟؟؟ .